## خێرویژ

یەک لە ئەرکەکانی نووسەری مێژووی بۆکان لە دوارۆژدا ئەوە دەبێت کەسایەتییەکان بدۆزێتەوە، پەیوەندیان بە مێژووی شارەکەوە دیاری بکات، و ژینامەیان بۆ پێک بهێنێت. واهەیە ئەو کەسایەتیانە لە دایک بوو یا خەڵکی شار و ناوچەکە بن، و واهەشە لە شار و ناوچەی دیکەوە هاتبنە ئەوێ بەڵام دەورێکیان لە ژیانی ئابووری، سیاسی، یا فەرهەنگی وهونەری ناوچەکە دا بینیبێت؛ جا کورد بووبێتن یا نا گرنگ نییە؛ گرنگ دەوربینینەکەیانە. بۆ نموونە، یەکەم سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگ (پاشان ئامووزش و پەروەرش)ی بۆکان مرۆڤێکی بەرێزی تورکی ئازەربایجانی بوو بە ناوی "شەیبانی"– کە من ساڵانێکی درەنگ دوای ئەوەی لە بۆکان رۆیشتبوو و لە تاران گیرسابوەوە، واتە چەند ساڵێک پێش کۆچی دوایی کردنی، لەگەڵ خوالێخۆشبووی خاڵم (حاجی محمد رەشیدی محەمەدیان) دا چەندین جارچوومە ماڵی و تە نانە ت بەشداریی سەرەخۆشییەکەشیم کرد. ئەگەر بۆم بلوێت زۆرم پێ خۆشە ژیان و بەسەرهاتی بنووسمەوە و سەبارەت بەو، پرسیار لەو کەسانە بکەم کە ئەودەم لە بۆکان دیتوویانە و ناسیویانە. لەو نموونانە یەکجار زۆرن و نووسەر یا نووسەرانی دوارۆژی مێژووی بۆکان نابی لێیان غافڵ بن.

لە گۆڤاری "مەهاباد"ی ژمارە ٨٠ دا وتارێکی کورت بەڵام سەرنج راکێشم لە کاک عومەری فاروقی خوێندەوە کە باسی یەک لەو روخسارە گرنگ بەڵام کەمتر ناسراوانەی سەردەمی سەردارەکانی بۆکانی کردبوو و من لێرەدا هەڵبژاردەیەکی وتارەکە دەهێنمەوە :

"میرزا عەلی صمیمی" خەڵکی سنە و نووسەری حەمە حسین خانی سەردار– حاکمی ئەودەمی موکریان بوو. دوای ئیعدامی سەردار لە لایەن عوسمانییەکانەوە [ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی]، میرزا عەلی وەک مامۆستایەک چوو بۆ گوندی "قەلەندەر" و لەوێ قوتابخانەی کردەوە و هەر لەوێ لە رۆژی ١٣٣٢/١/١٧ [١٩٥٣/٤/٦] کۆچی دوایی کرد. میرزاعەلی شاعیر و نووسەرێکی قەڵەم رەوان بوو و لە شاعیریدا نازناوی "خێرویژ"ی بۆخۆی هەڵبژاردبوو. لە شیعرەکانیدا دژ بە ملهوڕیی شەڕی دەکرد. مامۆستا خالید حیسامی (هێدی) لە کتێبی "ئاوێنەی شکاو"ی خۆیدا هەڵبەستێکی دووورودرێژی خێرویژی چاپ کردوە. ئەوەش نموونەئەک لە شیعری ئەو نەمرە:

خزمینە! وەرن با لە غەرەز سەرفەنەزەر کەین

ریشەی حەسەد و کینە لە دڵ زیر و زەبەر کەین

تا بوو، بەشی مە ناحەقی و قوربەسەری بوو

تا کەنگێ دەبێ ئەم قور و ئەم خاکە بەسەرکەین؟..."

کاک عومەری فاروقی هەروەها لە کتێبی "نظری به تاریخ و فرهنگ سقز کردستان" بەرگی یەکەمدا ئەم شیعرەی خێرویژی هێناوە، کە بە گوێرەی نووسینی ئەو، بارودۆخی کوردی

ڕۆژهەڵات لە ژێر حوکمی ڕەزاشا دەردەخات. بەڵام من دووری نازانم لەدوای شەهریوەری ١٣٢٠ و سەرەتاکانی حوکمی محەمەدڕەزاشا – واتە سەروحەدی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا گوترابێت. خێروێژ لەم شیعرەدا وەک لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان خۆی دەردەخات :

بە شەکر و پارچە و چایی فریو مەخۆن ئەی خزمان!

نەوەک دیسان پەیدا بێ نافەك بڕین و لێدان

زوڵم و زۆر و جەریمە، لەگەڵ زنجیر و زیندان

شەق و شەپ و پەت پەتی بۆمان دێتەوە مەیدان

لە ئەفرادی نیزامی تا سەرجۆخە و گروبان

لە وەکیل و داباشی، تا ئیستوار و ستوان

لە ڕوئەسای دەوائیر، تا بە سپوور و ئاژان

دەمێکە گوێ قوڵاخن بۆ ماڵ و مڵکی کوردان

ئێوە قەد مەبن ئەمین لە فێڵ و فەنی مشکان

چارەی ئا ئەو دەعبایە، هەر مەرگە مووشە و دەرمان!

بڕوانە:


١- عومەر فاررووقی، "نظری به تاریخ و فرهنگ سقز کردستان"، انتشارات مهری، سقز، ساڵ: ١٣٦٩، (؟)[= ١٩٩٠]، لاپەڕەی ٨٩ تا ٩١

٢- عومەر فاررووقی، "خێروێژ کێ بوو؟"، گۆڤاری "مەهاباد"، ژمارە ٨٠، مهاباد، خەزەڵوەری ١٣٨٦ [=نۆڤەمبری ٢٠٠٧] ، لاپەڕە ٢٩


لە ژمارە ٥ی ڕۆژنامەی کوردستان (٢٩ / ٢ / ١٣٢٤ = ٢٠ / ١/ ١٩٤٦ ) ، لاپەڕە ٤ دا، ئەم ئاگادارییە بڵاوکراوەتەوە :

"بۆ زانین

دەستە شیعرێک بەناوی "خێروێژ" بە ئێمە گەیشتوە. لەبەر وەی کە نێو و جێگای خێروێژ

نەنووسرابوو چاپمان نەکرد. تکامان وایە نێونیشانی خۆی بنووسێ تا چاپی بکەین."